# نەفرەتی الله لە جولەکە وگاوڕەکان، گۆڕەکانی پێغەمبەرانیان دەکرد بە مزگەوت

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی ئەو نەخۆشیەی کە چاك نەبوویەوە لێی؛ فەرمووی: «نەفرەتی الله لە جولەکە وگاوڕەکان، گۆڕەکانی پێغەمبەرانیان دەکرد بە مزگەوت»، دەڵێت: ئەگەر ئەم -هەڕەشەیە- نەبووایە گۆڕەکەی دیار دەخرا، بەڵام ترس هەبوو لەوەی گۆڕەکەی بکرێت بە مزگەوت.
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەو نەخۆشیەی کە سەخت بوو لەسەری وتێیدا وەفاتی کرد؛ فەرمووی: نەفرەتی الله لە جولەکە وگاوڕەکان، ودووریانی خستووەتەوە لە ڕەحمەتی خۆی؛ چونکە ئەوان گۆڕەکانی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت، ئەمیش بە دروستکردنی بینا لەسەریان یان نوێژکردن لە نێویان یان بەرامبەریان. پاشان عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەگەر ئەو نەهی کردن وهۆشداریدانە لەلایەن پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- نەبووایە، وترسی هاوەڵان لەوەی دەرهەق بە گۆڕی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە بکرێت کە جولەکە وگاوڕەکان کردیان دەرهەق بە گۆڕەکانی پێغەمبەرەکانیان؛ ئەوا گۆڕەکەی دیار دەخرا وبەرز دەکرایەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5379

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee